ڕیاڵ مەدرید بەرامبەر ئەلباسەتی دەدۆڕێت و ماڵئاوایی لە جامی شای ئیسپانیا دەکات

یانەی ڕیاڵ مەدرید بە ئەنجامی (٣-٢) بەرامبەر یانەی ئەلباسەتی دۆڕا، لەو یارییەی کە لە چوارچێوەی یارییەکانی قۆناغی ١٦ی جامی شای ئیسپانیا بەڕێوەچوو.

گۆڵەکانی تیمی ئەلباسەتی لەلایەن "خاڤی ڤیلار"، "جیفتی بەتاکەر" و "جیفتی بەتانکەر" لە خولەکەکانی (٤٢، ٨٢ و ٩٠+٤) تۆمارکران، لە بەرامبەردا "فرانکۆ ماستانتۆنۆ" و "گۆنزالۆ گارسیا" لە خولەکەکانی (٤٥+٢ و ٩٠+١) دوو گۆڵەکەی ڕیاڵ مەدریدیان تۆمارکرد.

بەهۆی ئەم ئەنجامەوە، ڕیاڵ مەدرید ماڵئاوایی لە پاڵەوانێتییەکە کرد و ئەلباسەتیش سەرکەوت بۆ قۆناغی تیروپشکی چارەکی کۆتایی.